# پەروەردەو گرفتی رەگەز (یان توخم)

نووسینی: شێرزاد حەسەن.

(دەبێت، منداڵان، هاونیشتمانی ئازادیخوازی جیهان بن).

**بێرتراند رەسل**

## پێشەکی

پەروەردە کایەیەکی خوازراوو داواکراوە" ئەوەیان راو بۆچوونی هەموو میللەتو دەوڵەتە مۆدێرنو شارستانییەکانی دونیایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕینێکی وا لە هەموو سەردەمو قۆناغەکاندا مایەی مشتومڕی هەندێك لەو پیاوو ژنانە بووە کە قسەو فەرمایشتیان جێی رێزە.

تاکە ئامانجی پەروەردە بواربەخشینو دۆزینەوەی هەلێکی زۆرە بۆ گەشەکردنو نەشونماو کامڵبوون، لە پاڵ لابردنی هەموو کۆسپو تەگەرەیەك لە بەردەم پێشخستنی هەموو هێزو تواناکانی فێرخواز، جا چ نێر بێتو چ مێ، تا ئەوپەڕی. پەروەردە لە هەموو سەردەمێکدا دوو ئامانجی هەیە: فێرکردنو راهێنانی کەسەکان لەسەر رەفتاری جوانو باش. هەڵبەتە رەفتار (یان مۆڕاڵی دروست) بە پێی دەزگاو سیستەمە سیاسیو نەریتو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. ئێستاکە من وا هەست دەکەم، لە عێراقدا، ئێمە هێشتا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین کە جۆرە پێکهاتەیەکی هیرارکی (هەرەمی) هەبوو، لە ژێری ژێرەوە بە کۆیلەو بەندەواری هەڵقە لە گوێ دەستی پێدەکرد، پلە بە پلە، بەخودا لەسەری سەرەوە کۆتایی دەهات، لای ئێمە بە قوتابی دەست پێدەکاو پلە بە پلە تا لای (سەرۆك) کۆتایی دێت. شەرەفی هەرە گەورەش ئەوەیە کە گوێڕایەڵو ملکەچ بیت. منداڵان لای ئێمە فێر دەکرێن کە هەمیشە گوێڕایەڵی گەورەکان بن: باوكو دایك، مامۆستاکان، مەلاکان، قەشەکان، ئەفسەرەکان، ئاغاکانو شێخەکان...... هتد. وا چاکە لە بەردەم هەر هەموو گەورەکاندا هەست بە ترس بکەین.

ئەوەی کە لێرەو لەناو ئەم جۆرە پەروەردەیەدا ونە ئەوەیە کە نابین بە مرۆڤ، پەروەردەیەك نییە کە هەموو هێزو تواناکانمان بتەقێنێتەوە، پەروەردەمان ناکات بۆ بەرپرسیارییەتی وەك کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراسی، پەروەردەیەك نییە بۆ ئازادیو سەربەخۆبوون، ئەوانە هیچیان فەراهەم نابن گەر پەیڕەوی هەمان هەڵوێستی کۆنەپارێزو تەقلیدی بکەین، لەسەر ئێمە پێویستە کە پەیڕەوی پەروەردەیەکی لیبرال – ئازاد بکەین کە بناغەکەی هەڵوێستو روانینێکی دیمۆکراسیانە بێت، بوار بۆ هەردوو رەگەزەکە خۆشبکات کە هەمان بەشدارییان، لەناو ژیانو کۆمەڵگەدا هەبێت، هەروەکو یەك، ئەی لە کوێوە ئەو نەریتە کۆنەپارێزەی پەروەردە رێگەدەداو پێشنیاری ئەوە دەکات جۆرێك لە پەروەردەی لیبرال بدۆزینەوە؟ ئاسان نییە.. بەڵام بۆ؟ (هاچنز) ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ئەم پرسیارە وا چاکە لە "کتێبە مەزنەکانی ناو جیهانی رۆژئاوا" ورد بینەوە. ئەو کاتەی تۆ لەو "کتێبە مەزنانە" دەڕوانیت، تێدەگەیت کە هەر هەموویان بە (رۆحی نێرینە)ەوە نووسراون. لێرەدا دەبینین کە گەشتی ئێمەو گەڕانەوەمان بۆ رابردوو سنووردارەو پەیوەستە بە کەلتوورێکی کۆنو بەسەرچووی خۆرئاوا، رابردووییەکە کە ژنان لەوێدا بوونیان نییەو دەرکراون.

بە درێژایی نیو سەدەی رابردوو، پەروەردە هەر شتێك بوبێت، بەڵام هەرگیز چەمکێكو مانایەکی جێگیرو هەمیشەیی نەبووە. گەر بیروبڕواکان بتوانن جیهان بگۆڕن، ئەمەیان سەبارەت بە جیهانی پەروەردە، بە تایبەتی راستو دروستە، کە خۆی لەسەر بناغەی بیروبڕواکان دامەزراوەو پێکهێنەرەکانیشی هەر لەو بیرو بۆچوونانەوە

هـاتوون. هـەر بیرۆکـەی "سـەرمایەی ئینسـانی" بـازێکی بـە پـەروەردە دا لـەوەی لـە قۆنـاغی یـان دۆخـی (بەرخۆرییـەوە) بگاتـە دۆخـی (وەبـەرهێنان)، لـە خـەم‌و خولیایەکـەوە کـە بـە تـەنها هـی تاکەکەسـە ببێـت بـە مەسـەلەیەکی زۆر چارەنووسـی هـەر هـەموو خـەڵکی‌و سیاسـەتی گشـتی. دواجـار مەرجـە پـەروەردە خزمـەت بـە هەموو کۆمەڵگە بکات، مەرجە بەردەوام بێت لەوە کە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدان بە یەکخستنی‌و تەبایی کۆمەڵایەتی‌و بەشداری دیمۆکراسیانە.

رادیکالـەکان بایـەخێکی زۆر بە پـەروەردە دەدەن چونکە لـە ناوئاخنـدا هێزبەخشـە بـۆ دامەزرانـدنی کـەش‌و هەوایـەکی دیمۆکراسـی، جگـە لـەوەش هۆکارێکـە بـۆ فەرامۆشـکردنی جیـاوازی لەسـەر بناغـەی رەنـگ‌و رەگـەز (سێکس).

## زۆرەملێ‌و پەروەردە:

لە زۆربەی حاڵەتەکانداو بە درێژایی هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، زۆر لە پەروەردەکاران‌و خـەڵکی ئاسایی لای ئێمە وای بۆ دەچن کە خوێندن‌و پـەروەردەی زۆرەملـێ – ئیجباری پێویستەو لەبارە، بـەڵام لـەو حاڵەتانـەی ئێمەدا کە منالان ناچار دەکرێن گەر بەزۆریش بێت هەر دەبێت فێر بن" دەرەنجامەکەی بێزارکردن‌و بێزکردنەوەیە لە زانست‌و زانیاری، بە تایبەتی کە بار دەکرێن‌و ئەرکی زۆریان دەخرێتە سەرشان کە لە ماڵەوە جێبەجێی بکەن، ئەمـەیان ژیانیـان لـێ تـاڵ دەکـات، هـەمان بێـزاری‌و قێزکردنـەوە لـە خـۆراك لای منـاڵان دروسـت دەبێـت گـەر تـۆ بەزۆردارەکی ناچاریان بکەیت نان بخۆن. بۆ خۆ دوورخستنەوە لـەم کێشـەو گرفتانـە بـەوە دەبێـت کـە قوتـابی لـە هەڵبـژاردنی وانەکانـدا جۆرێـك لـە ئـازادی هـەبێت. یـەکێك لـە کاریگەرییـەکانی فێرکردنـی زۆرەملـێ کوشـتنی رەسـەنایەتی داهێنـان‌و زرنگـی‌و حـەزو خولیـای رۆشـنبیرییە. حـەزو ئـارەزووی زانـین‌و زانسـت، لـە لای گـەنج شتێکی سروشتییە، بەڵام بە گشتی ئەو حەزو خولیایە دەکوژرێت ئەو کاتـەی لـە پێویسـت زیـاتر بـار بکـرێن کـە خۆیان ئارەزووی دەکەن یان پترە لەوەی کە هەرسی بکەن‌و تێیبگەن. زۆربەی کـات لـە ترسـی کـەوتن وای پیشـان دەدەن کـە ئامـادەن فێـر بـن. مـن توانیومـە راپرسـی لـە هەنـدێکی پـۆلی (30 تـا 40) بکـەم، لـە کچـان‌و کـوڕان، لـە قوتابخانەی سەر بە ناوچەی جیاوازدا، تێگەیشتم لە (90٪)ی قوتابیەکان لە ترسی (سزا) دەخوێنن، (5٪)ی وەك ئارەزوویەکی کێبڕکێ‌و دەرچوون، تەنها یەك تا پێنج کەس لە حەزو خولیایان بۆ زانست خۆیان ماندوو دەکرد.

بەداخەوە بە تێکڕا پـەروەردەکاران یەکـەمین کاریـان ئەوەیـە کـە خـەیاڵ لـەلای گەنجـەکانمان دەکـوژن. گـەر بچینە سـەر هەنـدێك حاڵـەتی کـۆنکریتی، هـەر بـۆ نموونـە وێنەکێشـان وەربگـرە لای منـاڵان، زۆربـەی منـاڵان لـە تەمەنی پێنج ساڵییەوە تا هەشت خـەیاڵێکی جوان‌و بە بڕشتیان هەیە لەمـەڕ نیگـارو وێنەکێشـان، ئەگـەر بێـت‌و هان بدرێن، بەڵام لە قوتابخانەکانی ئێمەدا، بە تایبـەتی لـە سـەرەتایی‌و قۆناغـەکانی دواناوەندیـدا، هـەتا دەگـا بـە زانگۆ هیچ شوێنێك بۆ هونەرو ئەدەب‌و وەرزش نییە.

یەکەمین رووکاری گرنگی زۆر خوێندن‌و فێرکردنی زۆرەملێ‌و بارکردنی قوتابی ئەوەیە کە کار دەکاتـە سـەر تەندروستی، بە تایبەتی تەندروستی عەقڵی‌و رەوانی – دەروونی. گرفتی زۆر بارکردنی قوتـابی بـە زانیـاری هـەم گرنگـەو هـەم قورسـە، گرنگـەو جێـی سـەرنجە چونکە قوتـابی زیـرەك کـە زۆر بـار دەکرێـت سـەلیقەو خۆرسـکی لەدەسـت دەدات، بـڕوای بـە خـۆی نامێنێـت، تەندروسـتی تێکـدەچێت، بـەم چەشـنەش وەك ئەنـدامێکی چـالاك‌و بەکەڵك خێری بۆ کۆمەڵگەو دەوروبەرەکەی نابێت. قورسیشە" چونکە ئەو هەموو زانیارییە زۆرو کەڵەکەکراوە تـا دێت زۆرتر دەبێت، تـا بێـت زەحمـەتتر دەبێـت پەیوەنـدی لـە نێـوان بەشـەکانی ئـەو زانیارییـە زۆرە بدۆزیتـەوە، بـە

هـەردوو بـاردا" چ وەك كۆمـەڵێك كێشـەی ئـاڵۆزی پراكتیكـیو چ وەك دۆزینەوەیـەكی زانسـتی. شـەكەتیو ماندووبوونی كاری فیكری زۆربەی كات دەرەنجامی زۆر لە خۆكردنە لەوەی كەسێك ناچار كراوە بایەخ بە شتێك بدات كە بێزاركەرە، هەربۆیە هەر شێوازێك بۆ لابردنی بێزاریو وەڕسی دەتوانێت لە هەمان كاتدا زۆربەی ئەو داهێزرانو ماندووبوونە لەناو ببات.

سەعاتە دووروردرێژەكانی فێربوون چ بۆ مامۆستاكانو چ بۆ قوتابیان وەڕسكەرن، دەبنە مایەی داهێزرانو شەكەتی كە دواجار توانای راستەقینەی بیرو هۆش وێران دەكات.

## پەروەردەو سزا:

ئێمە چ لە عێراقو چ لە كوردستاندا نەمانتوانیوە سیستەمێكی پەروەردە بونیات بنێین كە دوور بێت لە كوشتنی ئارەزووەكانو سەركوتكردن، سیستەمێك بەدەر لە پرۆسەی خەساندنی رۆحی، تا ئەمڕۆكە ئێمە رووبەڕووی شكستێكی زۆر جەرگبڕ بووینەتەوە لەوەی كە لە رووی پراكتیكییەوە نەمانتوانیوە قوتابخانەیەكی بێ غەوشو كەموكوڕی دابمەزرێنین. شێوە سیستەمی هیراركی – قوچەكی/ هەرەمی زاڵە بەسەر هەموو ژیانی رامیاریو ئابووریماندا، هەر ئەم جۆرە سیستەمە هەمان شێوە كاركردنی دەزگائاسای هیراركی (پلە بە پلەو لە سەرەوە بۆ خوارەوە) لە دونیای پەروەردەی ئێمەدا دروست كردووە، بەو مانایەی كە شێوە سزای (هیراركی) بەرهەمهێناوە، بەمانا ئەدەبیو مەجازییەكەی، بەو پێیەی كە مامۆستاكان دەتلێنەوەو لەلایەن دەیەها دەزگای جۆراوجۆری دیكەوە دەچەوسێنەوە، بە تایبەتی مامۆستا ئافرەتەكان، هەر لە سۆنگەی ئەم ئازارو چەوسانەوەیەدا زۆربەی مامۆستاكان ئامادەن كە داركاری قوتابییەكانیان بكەنو سووكایەتییان پێبكەن، هەڵبەتە قوتابییە گەورەو هەراشەكانیش لەوانە هەڵدەدەن كە لە خۆیان بچكۆلەترن، دیارە گەر ژنو پیاوە گەورەكان زەبروزەنگ دژی منالە هەراشەكان بەكار بێنن، ئەوانیش لە تۆڵەی ئەوە زەبروزەنگو داخی خۆیان دەڕێژنە سەر لە خۆیان منالتر. لەناو دۆخێكی وادا كەس لەو زنجیرە سزایە رزگاری نابێت كە هەڵقاوهەڵق بەیەكەوە بەستراوە. دوای دەركردنی دەیەها بڕیار لە دژی سزاو دڵڕەقی، هێشتا مامۆستاكانی ئێمە وا بیر دەكەنەوە كە ئەوەی قامچی بە ئەسپی دەكات، دار دەتوانێت بە منالی بكات، هەرچەندە ملیۆنەها منال لە ژێر زەبری ئەو سیستەمە دڵڕەقە ئازاریان چەشت، بەڵام زۆر لە فێركارانو پەروەردەكاران هێشتا لەو بڕوایەدان كە هەندێ هەڵسوكەوتو خوو لە فێرخوازەكاندا دروست دەبێت، لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا، وەكو خۆڕاهێنانو رێكخستنی كاروبار، خۆگونجاندنی كۆمەلایەتی، توانای گوێڕایەڵیو سازبوون بۆ جێبەجێكردنی فەرمانەكان. پەروەردەكاران لەو بڕوایەدان كە دەكرێت بەشێكی یەكجار زۆر لە هەڵسوكەوتو رەفتاری مرۆڤ كۆنترۆڵ بكرێتو ئاراستە بكرێت لە رێی سەرزەنشتو گلەیی یان لە رێی جۆرێك لە ستایشو پێداهەڵدان. ئەوكاتەی كە دەمانەوێت منال یان ئاژەڵ جۆرە هەڵسوكەوتێكی تایبەت بكات، بە تەنها دوو جۆرە تەكنیك هەن كە پەیڕەو بكرێن: پاداشت یان سزا، هەمیشە سزاو زەبروزەنگ پەیڕەو دەكرێتو پاداشتو خەڵات فەرامۆش دەكرێن. بڕوای كۆن ئەوەیە كە تەنها تەكنیكێك هەبێت تاوەكو منال یان ئاژەڵ هەندێك كارو كردەوەی راستو دروست جێبەجێ بكات یان نەیكاتو خۆی لێ بەدوور بگرێت (سزایە)، یان بە واتایەكی تر بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین كە ئەو هەستو سۆزە لە منالدا وەئاگا بێنین، بە گشتی، ئەو كارو كردەوانە پەیڕەو بكات كە ئێمە گەرەكمانە، یان ئاژەڵ وا رابهێنین كە ئەو فەرمانە جێبەجێ بكات كە منو تۆ مەبەستمانە.

سەرەڕای ئەوانەش، هەندێ نەریتو خوو كە كەسمان ئارەزووی ناكەین، بەڵام ئەو خووە خەراپانە نە بە

(سزا)و نە بە (پاداشت) چارەسەر ناکرێن بە تەواوەتی، یەکێك لەوانە پێخەف تەڕکردنە لەلای مناڵ، واتا میز بەخۆداکردن. ئەم حاڵەتە کە بەردەوام بوو تا ئەو تەمەنەی کە چاوەڕێ دەکرێت نەمێنێت، سزا ئاڵۆزتری دەکاتو وا دەکات منداڵەکە رقاویتر بێت، بەداخەوە زۆربەی دایکانو باوکانو بەڕێوەبەرکان کە بە درێژایی ساڵەکان سزای کچو کوڕەکان دەدەن کە دووچاری دەردی میز بەخۆداکردن بوونو شەوانە پێخەفەکانیان تەڕ دەکەن، بە بێئەوەی لەوە تێبگەن کە ئەم خووە یان نەخۆشییە، لەلای کوڕو کچانی هەراشتر هەمیشە رەگی قووڵی لە تێکچوونو شڵەژانێکی گەورەی دەروونییەوە هەیە لەسەر ئاستی (نائاگاهی – لا شعور) کە پێویستە لەو شوێنە سەختەی ناو نائاگاهی منداڵەکە ورد بینەوە، قووڵ بینەوەو ئەو هەستە پتر ئاشکرا بکرێت بەرلەوەی دەست بە چارەسەر بکەین. من خودی خۆم بۆ ماوەی دوانزە ساڵ لە ژیانمدا پێخەفەکەی خۆم تەڕ دەکرد تا قوناغی باڵقبوون. سزا بۆ هەمیشە ئازاری هەموو کەسێك دەداتو برینی گەورە بەجێدەهێڵێت، بەڵام سزای ناو ماڵ لەوەی قوتابخانە جیاوازە. زۆربەی دایکانو باوکان هەستو سۆزیان بۆ منالەکانیان هەیە، ئەوەشیان سنوورێك بۆ ئەو سزایە دادەنێت کە منالەکان دووچاری دەبن، بەڵام مەرج نییە دەستەڵاتدارانی ناو جیهانی پەروەردە هەمان هەستو سۆزیان بۆ منالەکان هەبێت.

## رۆچی جەنگاوەرانەی پەروەردە:

بەداخەوە.. توخمو رەگەزەکانی هاونیشتمانیبوونی چاكو دروست کە لە قوتابخانەکانی ئێمەدا جەختی لەسەر دەکرێت خەراپترین توخمو رەگەزو پێکهاتەن، ئەوەی کە پێی لەسەر دادەگیرێت، لە هەموو پتر، جۆرێکە لە نیشتمانپەروەری، بەڵام لە بەرگێکی جەنگاوەرانەو شەڕکەرانەدا: بە واتا خۆ تەرخانکردنو دڵسۆزی" تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو جوگرافیایەکی دیاریکراوو بەرتەسکدا دەژین، وەستاو وەك قاندڕو بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی لە شوێنو جوگرافیاکانی دیکەدا دەژین، جگە لە حەزکردن بە خێرو قازانجی زۆرتری ئەو کەسانەی کە لەو رووبەرەدا دەژین کە بۆ خیانیان هەڵبژاردووە، هەڵبەت لە رێی بەکارهێنانی هێزی سەربازیو زەبروزەنگ کە بێگومان بە هەموو کلۆجێك، کردەو کاری نێرینەیە نەك مێینە. هەڵبەتە چونکە ئێمە هێشتا لە حوکمەتی عێراقی جیا نەبووینەتەوەو هێشتا پەیڕەوی هەمان سیستەمی کۆنو تەقلیدی پەروەردەیەك دەکەین کە لەلایەن رژێمی هەنووکەی عێراقی رێزی لێدەگیرێت، بێئەوەی هیچ گۆڕانو ریفۆرمی – چاکسازی بەسەردا هاتبێت، سیستەمێك کە ساڵەهایە وەك خۆیەتیو نەگۆڕاوە. ئێمە کە قوتابی ناو هەمان قوتابخانە کۆنەکانی سەردەمی پێشینین، زۆرمان ئازارو سزا چەشت، جۆرەها سووکایەتی پێکردن بێئەوەی هیچ هیوایەکمان هەبێت بۆ دواڕۆژێکی نزیك.

لەناو جیهانی عەرەبیدا، لەوانەش عێراق، کوڕانو کچان فێر دەکرێن کە گرنگترین شەرەفو دڵسۆزی کۆمەڵایەتی ئەوەیە ملکەچی دەوڵەت بن کە ئەوان تیایدا دەژینو گوایە هاونیشتمانین، ئەو کوڕو کچانە مێژووی درۆ دەخوێنن، سیاسەتی درۆو ساختە، ئابووری درۆ. باس لە تاوانو بەدکاری میللەتانو دەوڵەتە بیانییەکان بۆ قوتابیان دەکرێت، بەڵام هەرگیز باس لە تاوانو بەدکاری دەوڵەتی عێراقی ناکرێت. وا دەخرێتە مێشکیانەوە کە هەرچی جەنگێکی دووچاری بوون جگە لە جەنگی بەرگری هیچی دیکە نەبوون، کەچی هەموو جەنگەکانی دەوڵەتە بیانییەکان جەنگی پەلامارو داگیرکردن بوون. منالان فێر دەکرێن کە ئەم وڵاتە چاکترین وڵاتە، زۆربەی وانەکانی نیشتمانپەروەری، گەرچی لە رووی هوشیارییەوە دەستخەڕۆمان دەکات، دیارە لە رووی مۆڕاڵییەوە – ئەخلاقییەوە – دوورە لە راستیو پاکی. ئەو پیاوانەی کە خۆیان وانەکان دەڵێنەوە لەژێر سایەی سیستەمێکی

پڕ لە چەوت و چەوێڵیدا فێر کراون، پێیان دەوترێت کە لەناو جیهانێکی وا شەرانگێزو پڕ لە بەدکاری، بە تەنها هێزو هەوڵی کۆکردنەوەی سوپایەکی گەورە دەتوانێت ئەم وڵاتە لە کارەسات و نەهامەتی بپارێزێت.

مێنتالیتی – زەهنیەتی جەنگخوازی لە عێراق هەمیشە شتێکی بنەڕەتی بووە لەلای هەر هەموو رژێمە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، هۆیەکەشی ئەوە بووە کە رژێمی عێراقی هەمیشە هەموو دەوڵەت و هێزە بیانییەکانی بە دوژمن زانیوە، ئەوی دیکە هەمیشە پیلانگێڕ یان ئیمپریالیزم بووە، ئەم رۆحە پڕ گومان و دوژمنکارە هاتۆتە ناو سیستەمی پەروەردەو ناوی نراوە نیشتمانپەروەری، نیشتمانپەروەرییەك موتوربە بە رۆحێکی جەنگاوەرانە لەژێر ناوی پێشەنگ یان پێشڕەو. گەنجەکان کە کۆپییەك بوون لە کوڕانی دیدەوان، هەردوو لا هەڵگری هەمان دروشم و سوێندو پەیمان بوون. بە درێژایی چل ساڵی رابردوو لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا قوتابیان فێر دەکران کە ئەرکی داهاتوویان رزگارکردنی (قودس)ە، دیارە ئێمە وەك قوتابیانی کورد هەمان داوامان لێکراوەو دواجار هەر هەمووان مەرجە سەربازی ئازا بین و پڕۆژەی شەهادەت بین، هەڵبەت بە دوورخستنەوەی هەر هەموو کچان کە لە دواجاردا دەبنە کەیبانووی چاك و ژنانی خاس بۆ مێردەکانیان، هەڵبەتە هەمان مۆدیلی جەنگاوەرانە لە کوردستانیش پەیڕەو دەکرا لە هەر هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا کە قوتابییان هێشتا پاك و مێشك سادەن، زۆر ئاسان بەو شێوە پەروەردە دەکرێن کە رژێمی باو دەیخوازێت. لە عێراقدا ئامانجی پەروەردە بۆ هەمویشە پشتگیریکردن بووە لە رژێمی باوو حوکمڕان، هەرگیز هەوڵی گۆڕان و هەڵوەشاندنەوەی نەداوە، بە جۆرێك ئاراستە دەکرێت کە پشتگیری بارودۆخی باو بکات، ئەمجۆرە سیستەمە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر کۆی ژیانی پەروەردەییمان هەیە.

حەشامات یان زۆرینەی ناو هەر کۆمەڵگەیەك، بە تایبەتی لە کۆمەڵە تەقلیدییەکانی وەکو ئێمە، هەمیشە خەڵکی بە رۆحێکی مێگەل ئاسا پەروەردە دەکات، ترس لەو حەشامات و زۆرینەیە لەلای زۆربەی ژنان و پیاوان رەگی داکوتاوە، رۆحی تاکخوازی ونەو مێگەل حوکم دەکات، ئەم ترسە زۆرە هەر لە سەرەتاوە لە قوتابخانەکاندا لە دڵ و رۆح و مێشکی ئێمەدا دەچێندرێت. هەر لەبەر ئەوە.. لە ئەخلاقیاتی – مۆڕاڵی پەروەردەدا مەسەلەی گرنگ ئەوەیە هەر شتێك کە لەسەری سزا دراین لەلایەن سەردارانی پەروەردە، دواجار وا دەکەوێتەوە کە ئەو شتە لەلایەن هەمووان ناپەسندەو مەرجە ئەو کوڕە یان ئەو کچە سزادراوە ئەوپەڕی توانا بەکاربهێنێت کە خۆی بگۆڕێت. من وای بۆ دەچم کە دەکرێت کوڕان و کچان فێری هەڵوێستی جوان و پڕ میهرو بەزەیی بکەین، بەڵام لەم دۆخەدا کارەکە قورسە، بە تایبەتی کە پەروەردەکاران و بەڕێوەبەرەکان قوتابیە کوڕەکان فێر دەکەن کە هەمیشە پیاوانەو نێرانە رەفتار بکەن.

### پەروەردەو کەلتووری ئاشتی:

پەروەردە بە نیازی بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئاشتی یەکەم داوای هەر هەموانە لەم وڵاتەدا، هەر هەموو خەڵکی پێویستی بەوە هەیە کە رووبەڕووی گرفت و کێشەی توندوتیژی ببێتەوە کە لە زیادبووندایە، کێشەی دوورخستنەوەی کچان و ژنان لە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیان و کارکردن بە بیانووی جیاوازی توانای پیاوان و ژنان، نەبوونی رێز لۆ مافەکانی مرۆڤو هەرچی کە پێی دەوترێت بەخشندەیی و لێبوردن لە هەموو ئەو مەیدانانەی کە تیایدا کەلتووری ئاشتی تەمەنی درێژتر دەبێت و کاریگەری زۆرتری دەبێت کە زۆر گرنگیشە بواری پەروەردە. ئەوەش مانای وایە کە جۆرێك لە گۆڕان هەبێت لەو سیستەمە زۆر کۆن و بەسەرچووە، کە ئەویش بە گۆڕانی فەلسەفەی پەروەردە، گۆڕانی شێوازەکانی وانەوتنەوەو پرۆگرامی خوێندن و ناوەرۆکی

کتێبەکان، سەرەڕای شێوازی تازە لە ڕاهێنانی مامۆستایانو هەر هەموو کادیرەکانی پەروەردەو بواری کارگێڕی، هەڵبەتە گۆڕان لە بواری پەروەردەی ناڕەسمی زۆر پێویستە.

وەك لە ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی جیهانی لەسەر پەروەردەدا هاتوو کە بەو نیازە ئامادە کراوە خۆ ساز بدەین بۆ پێشوازی سەدەی بیستو یەكو ئەو گۆڕانانەی کە پێویستن، پەروەردە پرۆسەیەکە کە تا ژیان بەردەوام بێت ئەویش درێژەی هەیەو کە هەر لەو ڕێگەیەوە ئێمە زانیاری پەیدا دەکەینو خۆمانی پێ دەوڵەمەند دەکەین، لە ڕووی هوشیارییەوە، بەهرەو تواناکانمان پەرە پێدەدەین، گەشە دەکەینو پەیوەندی لە نێوان تاکەکەسەکاندا دادەمەزرێنین، هەروەرها لە نێوان تاکەکانو گروپەکانو میللەتەکان، بە واتایەکی تر ئەوە پەروەردەیە فێرمان دەکات کە "فێر ببین چۆن بەیەکەوە بژین". ئامانجی درێژخایەنمان ئەوەیە کە بەشداربین لە دامەزراندنی سیستەمێکی پەروەردەی هەمەلایەنو بەرفراوان کە ڕامانبهێنێت لەسەر خۆشەویستی ئاشتیو ئاسایش، مافەکانی مرۆڤو دیمۆگراسی، بەخشندەیی، ڕەتکردنەوەی توندوتیژیو کوشتنو بڕینو لەیەکدی تێگەیشتن لەسەر ئاستی هەرهەموو میللەتانو دەوڵەتان، لە باوەشکردنی هەرهەموو ئاستو تواناکانی ناو پەروەردە بۆ وەدیهێنانی هەرهەموو چالاکیو پرۆژەکان کە دواجار ڕێگە خۆش دەکات بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجە.

پێویستی بە پەلەی ئێمە لەم کۆمەڵگەیە بەرپاکردنی بیرۆکەی ئاشتییەو ڕەتکردنەوەی توندوتیژیو ململانێی سەربازییە. ئاشتیو ململانێ ئەو دوو دۆخەن کە تەنها لەناو ڕەوتی ڕاستقینەی خۆیاندا دەخوێندرێنەوە. هەڵبەتە کرانەوە بەسەر کەلتووری ئاشتیو جێبەجێکردنی لەناو دونیای پەروەردەو ئەو گۆڕانەی مەبەستمانە بەدەر نابێت بە جۆرێك لە ئاڵۆزی کە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵو وردەکاری هەیە. پەروەردەی ئاشتی لە ژێر ئەم پێناسەیەدا واتا پەروەردەیەکی تۆکمەو دامەزراو لە چەند پێکهاتەی بەیەکەوە گرێدراو کە ڕوو دەکاتە ژیانی تازەو گۆڕان لە هەموو بوارو مەیدانەکان، هەموو ئەو شوێنانەی کە ململانێو توندوتیژی بەیەك دەگەن.

بواری زۆر ئاشکراو زەق کە پەروەردەی ئاشتی جەختی لەسەر دەکاتەوە بواری پەیوەندی قووڵو پڕ هۆگری ژنانو پیاوەکانە لەگەڵ یەکدی، براکانو خوشکەکان، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ژنانو منداڵان دەبنە قوربانی. هەر هەموومان لەسەر ئاستی گشتیدا ڕووبەڕووی ئاکامە خەراپەکانی توندوتیژی دبینەوە کە پیاوان دەرهەق بە ژنان ئەنجامی دەدەن. ئاکامو دەرەنجامە گشتیو بەربڵاوەکانی ئەو زەبروزەنگو توندوتیژییە وا دەکات کە بگونجێتو ئەم کێشەیە بکرێت بە بابەتی هەر هەموو قوتابخانە گشتییەکان. خودی سروشتی ئەو توندوتیژییە وا دەکات کە چ لە ناوەوەی قوتابخانەکانو چ لە جیهانی دەرەوە باسو خواسی لەسەر بکرێت.

پەروەردەی ئاشتی چالاکی هاوبەش دەکا بە شێوازی کارکردنی خۆی، گفتوگۆ لە نێوان کەسو لایەنەکان بەو نیازەی کە بیرو بۆچوونەکان دەوڵەمەندتر بکرێن، بەهرەو تواناکان پەرەیان پێبدرێت، بەهاکانی ئاشتی بایەخیان زۆرتر بێت، بۆ پشتگیری ڕۆحی ئاشتیو فەراهەمکردنی دەتوانین هەموو جۆرە مامەڵەو گفتوگۆیەك دابمەزرێنین کە دژ بە توندوتیژی بێت، هاوکاریو هەرەوەزی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چارەسەری ململانێ، مافی مرۆڤو بەرپرسیارییەتی، ڕێزگرتن لە خودو ڕێزگرتنی ئەوانی دیکە.

دروشمی سەرەکی یۆنسکۆ دەڵێت: (نەخشەو پلانی جەنگ وا لە نێو مێشکی پیاواندا، ئاشتیش هەر لەناو مێشکی پیاوەکاندا دادەمەزرێت).

## سێکسو پەروەردە:

هەرچی بیرو بۆچوونێك سەبارەت بە راستیو دروستی مۆڕاڵی – ئەخلاقی سێکسی لای گەورەکانو بۆ گەورەکان هەبێت، چەندین پرسیار لەمەڕ پەروەردەی سێکسی بۆ منالان هەیە. لە ولاتی ئێمەدا بووە بە باو کە مەسەلەی پەروەردە دەخرێتە بەردەستی کۆمەڵە کەسانێك کە زۆر بێئاگان، کورتبینو دەمارگیرن. بە شێوەیەکی بەرفراوان پەروەردەی منالان دەکەوێتە دەستی کۆمەڵێك مامۆستای ترسنۆكو شەرمنو سۆزیار کە زۆر لە حەقیقەتو واقیع دەترسن. زۆربەیان وا هەست دەکەن کە سایکۆلۆژیای سێکسی منالان بابەتێکی پیسو ناشیرینە، وای بە باش دەزانن کە منالان سەبارەت بە سێکس هیچ نەزانن کە دیارە ئاکامی ئەوەش زۆر خەراپە. منالان وا فێر دەکرێن کە ئەندامە سێکسییەکانیان بە جۆرێك لە جۆرەکان زۆر سەیرو ناشیرینو ترسناك ببینن، وا فێر دەکرێن کە باس لە حەزو ئارەزووە سروشتییەکانیان نەکەن، یان بە چرپەو پێچو پەنا لێی بدوێن، خۆ ئەگەر کوڕەکان دەستیان برد بۆ گەڵو گونیان ئەوە زۆر خەراپ سەرزەنشت دەکرێن لەلایەن مامۆستاکانو پەروەردەکاران بە گشتی، دیارە لەوەدا دایکانو باوکانیش هەر هەمان کاردانەوەیان دەبێت، لای گەورەکان وایە کە ئەم ئەندامانە هی دەست لێدان نین، هەڵبەت بۆ کچان زۆر خەراپترە، کوفرو حەرامە، دەبێ بە مایەی شوورەییو رسوابوون، گەرچی دەستپەڕی لە هەموو دونیادا بلاوە، بە تایبەتی لەناو مێردمنالانو لاواندا، هەڵبەت لەناو منالانیشدا یاریکردن بە گەڵو گون، لە دیدی گەورەکاندا، کارەساتە، هەمیشە مایەی هەڕەشەو گوڕەشەی کوشندەیە. شڵەژانو تێکچوونی دەروونیو دەماری لە تەمەنێکی درەنگتردا دەرەنجامی ئەو هەڕەشەو تۆقاندنەیە نەك دەرەنجامی دەستپەڕ کە زەندەقی منالانی پێدەدەن، پێیان دەوترێت کە دەستپەڕ دەبێتە مایەی شێتی، لە قیامەتیش خودا سەیری دەموچاوی ئەوانە ناکات کە دەستپەڕچی بوون.

بەم شێوەیە دەبینی کە مەراقو خولیای زانستیو دۆزینەوەی نهێنییەکان دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ چاکەکاری، ئەوەش وا دەگەینێت کە جۆرە مەعریفەتێك هەیە خەراپە، بە تایبەتیش هەر مەعریفەتێك مایەی خۆشیو لەزەت بێت حەرامو خەراپە. منال دەگاتە ئەو بڕوایەی کە حەزو مەراقی سروشتی بۆ هەندێك بابەت دەبێتە مایەی بەرهەڵستیو رووگرژی کەسوکارو مامۆستایان، لەم حاڵەتەدا وا تێدەگات کە بە تەنها ئەو زانستو زانیارییە چاکەو حەڵاڵە کە هیچ چێژو خۆشییەکی تێدا نەبێت، بەلام خەراپو حەرامە کە بەلەزەتو خۆش بێت. بۆ کچان زۆر خەراپە گەر سەبارەت بە زاووزێ هیچ نەزانن. کچان حەز دەکەن وەك کوڕان بن، بەڵکو خۆزگە دەخوازن کە کوڕ بوونایە، هەر بەهۆی ئەوەی کە لەمەڕ زاووزێو منالبوون هیچ شتێك نازانن، وا دەردەکەوێت کە کوڕان لە کچەکان باشترن، تا رادەیەك، لەهەر هەموو شتەکاندا.

مادامەکێ رای گشتی خەڵکیو دەزگا کۆمەلایەتییەکان هەروەکو خۆیان ماونەتەوە، من وا هەست ناکەم هیچ چارەسەرێکی بنەبڕ شیاو بێت لە سۆنگەی ئەو جیاوازییە زۆر قووڵەی لە نێوان نێرو مێدا هەیە، نایەکسانیو مانەوەی خێزانی پاتریارکی – باوکسالاری.

شتێکی گرنگە کە لێنەگەڕێین گەنجەکان وا هەست بکەن کە سێکس شتێکی زۆر پیسەو دەبێت چ وەك کردەو چ وەك باسو خواس شاراوە بێت چاکترە.

لە کەلتووری ئێمەدا زاڵبوونی نێرینە نۆرمێکی جێگیرو کاریگەرە. لەناو ئەو چوارچێوە پاتریارکییەدا لەشی کچانو ژنان نەك هەر پیرۆزو پاك نییە، بەڵکو هیچ کچێكو ژنێك خاوەنی لەشی خۆی نییە.

ئێمە لەم قۆناغەدا تازە بە تازە دەستمان بەوە کردووە کە باس لە گرفتی هەراسانو پەلامارو توندوتیژی سێکسیانە بکەین دژ بە کچانو ژنانو هەندێك جار منالان، بە کچو کوڕانەوە، بەلام کەم کەمەو شەرمنانە، هەڵبەتە ئەم دۆخەش بە گشتی جیا ناکرێتەوە لە مەسەلەی جیاوازی نێوان نێرو مێو کێشەکانی

جوداکردنەوەو جیاوازی. هەر هەڵەو تاوانێك لەم بوارەدا رەنگدانەوەی سووك روانینەو کەمکردنەوەی رێزە بۆ خودی کچەکان، جا چ لە قوتابخانە بێتو جا لە ماڵو چ لە شوێنە گشتییەکان.

## پەروەردەی ناسێکسی:

بابەتی پەیوەندییەکانی توخم (نێرو مێ) لەناو بازنەکانی دونیای پەروەردەداو رەوتی بەرێوەچوونی، مەرجە وەك ناوکۆیەکی یەکانگیرو تۆکمەدا بخوێندرێتەوە، پەیوەندی نێرو مێ دابڕ نییە لەو ژینگەیەی ئەو دوو کەسە پەروەردە دەکەن. لەسەر ئاستی ژیانی رۆژانە، ئەوە تاکە کەسەکانن کە بە نێرو مێینانەوە پەیوەندی دەبەستنو زیندەگی دەکەنو ئەزموون ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەڵبەت پابەست بەو نەژادو رەچەڵەکانەی ئەو کەسانەی لێوە هاتوون، بە پێی ئەو دابونەریتو کەلتوورەی ئەو خەڵکانە هەیە وەك پێشینەیەکی مۆڕاڵی کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوتیان، بەگوێرەی چینە جیاوازەکانەوە پەیوەندیی نێرو مێیەکان دەگۆڕێت، تەمەن، بەهرەو تواناکان، بەگوێرەی ئەو ئامۆژگاریو رێنماییانەی کە لەمەڕ سێکسو پەیوەندیی نێرو مێ وەریدەگرن. جیاکردنەوەی تاکەکەسەکان لەسەر بنەمای توخم (نێر × مێ) جۆرێکە لە بە دەزگاییکردنی ئەو هەموو پلەو پایەیەی کە وا دەکات نێرەکان لە خێرو خۆشییەکان بەهرەمەندتر بن. لە بواری پەروەردەی هاوچەرخدا، دەشێت بێ پێچو پەنا باس لە پایەو پلەو (ئیمتیازی نێرینە) بکەین. لە بەرچاوگرتنو پێشخستنی هەموو شتێکی چاكو باش بۆ نێرینەکان لەناو خودی دەزگاکانی (باوك یان پیاوسالاری – پاتریارکی) هەیەو دەژی، دیارە هەر هەمووشمان هەستی پێدەکەینو لەناویدا دەژین چ لە ژیانی رۆژانەمانداو چ لەناو دەزگا جیاوازەکانی پەروەردەدا. پاتریارکی – پیاوسالاری وەك دۆخێکی بە دەزگاییکردنەوەی زاڵبوونی نێرەکان دەبیندرێتو هەستی پێدەکرێت، بە شێوەیەکی ستوونی، پلە بە پلەو بە پێی پێکهاتەیەکی هیرارکی – قوچەکی/ هەرەمی کە تیایدا فەرمانەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە رەت دەکرێن. لەناو بازنەی دەزگاکانی پەروەردەدا "ئیمتیاز" بۆ شێوازەکانی وانە وتنەوەو فێربوونە کە پتر پابەندن بە نێرەوە، بە تایبەتی زۆربەی دەستەڵاتدارانی پەروەردە، پایە بڵندەکان، هەم بۆ پیاوەکانەو هەم بۆ ئەندامانی حیزب قۆرغ کراون، لە کوردستان ئەوە (13) ساڵە حیزب توانیویەتی کۆنترۆڵی دەزگای پەروەردە بکاتو کە ئەوەش هەموو جۆرە سەربەستییەك لەو دەزگایە وەردەگرێتەوە. هەر ئەم جۆرە ئیمتیاز بەخشینە بە پیاوەکان فەرامۆشکردنی هەموو هێزو توانای کچەکانو ئافرەتەکانە لەناو ئەو سیستەمەدا، تێنەگەیشتنە لە تواناکانی ئافرەتان بۆ گۆڕینی پرۆگرامو فەلسەفەی خوێندن. سەرەڕای ئەوەش.. بەهرەو تواناو عەقڵی ژنان لەم بوارەدا بە وردی حیسابی بۆ نەکراوەو پاداشتی خۆی وەرنەگرتۆتەوە، نە لە بواری پەروەردەداو نە لە گۆڕەپانە بەرفراوانەکانی دیکەی ژیاندا. نێرزاڵی لەناو دەزگاکانی پەروەردەدا بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێت لەوەدا کە ئەو ژنانەی خاوەن هەمان بڕوانامەو تواناکانی پیاوەکانن، کەچی لە بواری کارو پیشەدا دەستەڵاتو بەرپرسیارییەتی کەمتریان پێدەبەخشرێت، ئەوەی پەیوەندیدارە بە ژنانەوە، زۆرجاران لە بوارەکانی دیکەدا، بۆ هەمان ئیشو کار مووچەو پارەی کەمتر وەردەگرن. جیاوازی لەسەر بنەمای نێرو مێ یەکێکە لە کۆسپە هەرە گەورەکان لە بەردەم داهێنانو سەرکەوتن، چونکە تا هەنووکە ئەو بۆچوونە ماوە کە بڕوای وایە سەرکەوتنی ئەکادیمیو داهێنان کارێکی ژنانە نییە، هەڵبەتە ژمارەیەکی زۆر لە کچانو ژنان، زۆربەی کات، ناتوانن هەموو تواناو هێزی شاراوەی خۆیان بخەنە گەڕو بەهرەی زۆری خۆیان لە بوارەکانی کارو زانستو هونەرو ئەدەبدا تاقی بکەنەوە. ئێمە هەر ئێستا دەتوانین ئەو جیاوازییە گەورەو بنچینەییانە وەدی بکەین کە لە بواری وەرگرتنو بەشداری کچەکان بە بەراورد لەگەڵ کوڕەکاندا لە ئارادا هەیە، هەر بۆ نموونە: لە

کۆلیژەکانی ئەندازیاری، وەرزش، زانستە کرداری یان جێبەجێکارییەکان، بەشەکانی تەکنۆلۆژیو بازرگانی، ئاژەڵناسی... هەمیشە پشکی کوڕەکان پترە. گەر بمانەوێ وردبینیانە بەسەر ئەم گرفتانەدا زاڵ بینو گۆڕانێك لە بواری پەروەردەدا بکەین، مەرجی یەکەم ئەوەیە دژ بەو نایەکسانییە بوەستینەوە کە لەناو هەموو پەیمانگاو زانکۆکانو دەزگاکانی پەروەردەدا ڕەوایەتی پێدەدرێت کە ئەوەشیان وا دەکات دەزگاکانی پەروەردە هەر بە تەقلیدیو کۆنەپارێزی بمێننەوە. ئەمەیان دەبێت بە ڕەهەندێکی تازەی پەروەردە کە بەو ئاراستەیە کار بکات دژ بە جیاکاریی نێوان نێرو مێ تا سەر بجەنگێت.

دووەمین بواری سەرەکی کە پەروەردەیەکی ناسێکسیو گۆڕانکەر مەرجە جەختی لەسەر بکات ئەو توندوتیژیو دەمارگیرییە بەرفراوانەیە کە لە هەر هەموو دەزگاکاندا هەیەو قوتابیان ڕادێنێت لەسەر سازاندنی کەلتوورێکی نێرینەو زەمینە خۆشکردن بۆ قایلبوون بەو ڕۆحە زاڵو پڕ لە زەبرو زەنگە. ژنانو منداڵان، وەك پێشتر باسمان کرد، دەبنە قوربانی ئەو توندوتیژییە، بە شێوەیەکی ترسناكو بەرفراوان دووچاری زەبرو زەنگی پیاوان دەبنەوە. یەکێك لە شێوە هەرە باوەکانی توندوتیژی لەناو ماڵەکانو گەڕەکەکانو سەر شەقامەکانو ناو دەزگاکانو زانکۆکانو قوتابخانەکان پەلامارو هێرشو دەستدرێژکردنە سەر کچەکانو ژنەکانە، ئیتر هەر لە تیرو توانجو پلارو جنێو تا دەگات بە سێکسی زۆرەملێ، ڕاستە ئامارێکی وردمان نییە، بەڵام بەردەوام لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ئازادەکان لەم جۆرە هەواڵانە دەخوێنینەوە کە زۆربەی جار کوشتنو خۆسووتاندنو خۆکوشتنی تێدەکەوێت، بەشێکی زۆری لە ژێر ناوی ""تاوانی شەرەف" ناونووس دەکرێتو زۆربەیان ناگاتە دادگاکان، زۆر کەس ئەم جۆرە توانجو پەلامارو چاوسوورکردنەوەو هەڕەشانە بە هەند هەڵناگرن، بەڵام گەر مەرگیشی بە دواوە نەیەت، دەبێتە مایەی نیگەرانیو پەستی. "کوڕان دەبێت هەر وەك کوڕان ڕەفتار بکەن.. پاو هەر پیاوەو هەموو شتیشی لێدەوەشێتەوە". جۆرە دەربڕینێکە کە بڕو بیانوو هێنانەوەیە بۆ سووك سەیرکردنی کچانو ژنان کە دواجار ئەم جۆرە پەلامارو هێرشو هەڕەشەو پلارو توانجانە جگە لە بێزەوقیو ناشارستانیبوون هیچی دیکە نییە.

ئەو کاتەی کە پاتریارکی نۆرم بێت، ئەوەی کە لە سەری سەرەوەی قوچەکە – هیرارکییەکە – دەبێت پیاوە. هەر هەموو جۆرەکانی توندوتیژیو هەڵبژاردن لەناو ئەو پێکهاتە پێوانەییانەی پاتریارکی خۆیان دەنوێنن. لەناو بازنەو نۆرمەکانی پاتریارکی – پیاوسالاری پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵ هەیە لە نێوان بنکەی کۆمەڵایەتیو پیشەییو توخمدا – (gender)دا هەیە، هەڵبەتە کارو پیشە دەستنیشانکردن کە لە بەرژەوەندی نێرەکاندایەو لەناو ئەم جۆرە کەلتوورەدا حەڵاڵەو بە یاسایی کراوەو لەناو هەر هەموو دەزگا سیاسیو ئابووریو ئایینیو پەروەردەییەکاندا ڕەوایە. دەزگاکانی پاتریارکی – پیاوسالاری، وەك هەر هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە توندوتیژەکان لەناو سێگۆشەیەکی زۆر شەڕانیو شەیتانیدا هەموو جۆرە توندوتیژیو دەمارگیرییەکی ڕاستەوخۆ، بونیاتگەرانەو کەلتوورییانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. پاتریارکی بە تەنها ستراکتۆرێکی – پێکهاتەیەکی بە دەزگاییکراو نییە کە پلەو پایەی پیاوەکان بپارێزێو بەرگری لێبکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا وەك دەزگایەکی پشتگیریکراو لەلایەن شەرعو یاساوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەموو جۆرە توندوتیژیو ستەمو زۆردارەکی پیاوانەو نێرانەو خزمەت بەو تاوانبارانە دەکا کە زەبروزەنگ دژی ژنانو کچان بەکار دەهێنن. بۆ ئەوەی ڕەگو ڕیشەی ئەو توندوتیژیو زەبروزەنگە زۆر بەرفراوانەی ژێر سایەی پاتریارکی – باوکسالاری بدۆزینەوە، مەرجە زۆر قووڵو هەمەلایەنە لەو زاڵبوونەی نێرینەکان ورد بینەوە کە چۆن کار دەکاتو چ شتێکە وای کردووە کچانو ژنان وەها ملکەچو ژێردەستە بژین هەر لەبەر ئەوەی ئەم دووانە بە پێی توخم پێیان

دەوترێت نێرو مێ. لێرەدا دەبێت بکەوینە دوای پرسێکی قووڵو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد سەبارەت بەو فاکتەرانەی کە بوونەتە پاشخانێکی کەلتووری بۆ بەرپابوونی ئەو زەبروزەنگەی پیاوان و زاڵبوونیان بەسەر هەموو کچان و ژناندا. لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دەزگاکانی پاتریارکی لەناو هەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکانی ناو هەر هەموو خێزانەکان و قوتابخانەکاندا بەرجەستە بوون، لەناو هەر دەزگا رامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا، لە بەرامبەر هەر هەموو ئەو دەزگا تۆکمەو بەهێزانەدا بزافێکی لاوازو شەرمنی ژنان وەستاوەتەوە کە بە تەنها گۆڕانێکی زۆر کەمی بەرهەم هێناوە لە پەیوەندی نێوان نێرو مێدا، بە تایبەتی گەر بزانین کە خودی رێکخراوەکانی ژنان بەسەر حیزبەکاندا دابەش بوون و زۆرجاران گوێڕایەڵی فەرمان و داوای پارتە سیاسییەکانن کە خودی خۆیان خوڵقێنەری ئەو رێکخراوانەن. بەڵام هەر گۆڕانێك لەم بوارانەدا هەبێت، گەر کاریگەر بێت، مەرجە لەلایەن پیاوەکانەوە دەستپێشخەری تێدا بکرێت، لەناو ئەم کەلتوورو خەڵك و خوایەدا، لەناو کەلتوورێك کە پیاوەکانی پەروەردە کراون لەسەر کینەو گومانکردن لە ئافرەت و تواناکانی، سووك سەیرکردن، شکاندن و قێزکردنەوە.. هەموو ئەو حاڵەتانەش کە دەبێتە مایەی رق و دڵکرمێبوون لە ئافرەت خودی ژیان ناشیرین دەکات، دزینی پایەو پلەو دابەشکردنی بەسەر پیاوەکاندا ئیقاعی ژیان تێکدات. ئەوەی کە ئێمە پێویستمانە چەشنێکە لە پەروەردە کە دژ بە ئیمتیازو بەخشینی پایەو پلەو دەستەڵات بۆ پیاوان بە راست و حەڵاڵ دەزانێت، بەڵام مەرجە بەرچاومان رۆشن بکاتەوەو بڕوا بەوە بهێنین کە هەردووکیان (نێرو مێ) بەیەکەوە لە هەموو شتەکاندا بەشدار بن بە جۆرێك کە یەکسانی و هێزی دادپەروەری ببێت بە بەردی بناغەی کارکردن و پەیوەندی و بەیەکەوە ژیان. مەسەلەی زۆر گەرم و گوڕ ئەوەیە ئەو رێگەیە بڕین کە رووەو یەکسانی و دادپەروەری دەمانبات. لە دوا شیکردنەوەدا پەروەردەی ناسێکسی و دژ بە رۆحی جیاوازی نێرو مێ پێویستی بەوە هەیەو دەبێت لەو نایەکسانی و بێدادی و جیاکارییەی ئەم دوو توخمە ورد بێتەوە کە لەناو هەر هەموو بازنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیماندا رەنگی داوەتەوەو بەرجەستە بووە. شکاندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزو دەستەڵاتە زاڵەی (نێرینە – یان – پیاوسالاری) یارمەتیمان دەدات لە دروستبوونی روانگەیەك سەبارەت بە پەروەردە کە تیایدا رۆحی یەکسانی و دادپەروەری دەبێت بە نۆرم و رێڕەوی ژیانمان نەك بە تەنها ئامانج.

هەتا خودی سروشتیش وەك (مێیینە) چاوی لێکراوەو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هەر هەوڵدانێك بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهانی سروشتی وەك پرۆژەیەکی ملکەچ پێکردنی ژنان پێشڕەوی لێکراوە، هەڵبەتە ژنان وەك پارچەیەك لەو جیهانە سروشتییە چاوی لێکراوە. توندوتیژی و زەبروزەنگ و هێز بوونەتە چەند رەگەزێکی تێکەڵ و لێکدیگیری ناو ئەو پرۆژەیە، پرۆژەی زاڵبوون بەسەر سروشتدا. خوێندنەوەیەکی هاوشێوە بۆ پرۆژەی زانستی خۆرئاوا لەلایەن (ڤاندانا شیڤا)دا کراوە لە کتێبی خۆیدا کە لە ساڵی (1989)دا دەرچووە. بیروڕای ئەو خانمە ئەوەیە کە زانستی هاوچەرخ زۆر بە هوشیاری و ئاگادارییەوە وەك چالاکییەکی توخمگەرا چاوی لێکراوە. لە روانگەی (ڤاندان شیڤا) زانست و رۆحی نێرینە پەیوەستن بە زاڵبوون بەسەر سروشتدا.

## پەروەردەو ئایین:

لە کەلتووری ئیسلامیدا بە ئێمە دەوترێ، ئەو کاتەی کە هێشتا زۆر چکۆلەو منداڵین، کە ئەم دونیایە هیچ و بێبایەخە، زۆر پووچە بە بەراورد لەگەڵ ئەو دونیا کە لە دوای قیامەتەوە دێت و تا ئەبەد تیایدا نەمر دەبین، ئایین هەموو دەردو شەڕو ئازارەکانی هەژاری کەم بایەخ و سووك دەکاتەوە، هەتا کارەسات و نەخۆشی، بەو بیانووەی کە ئەوانە شتگەلێکن کە سەر بەم ژیانە کورتەی سەر زەوین.

کاریگەری وانەکانی ئایین لەسەر ڕەوشتی ئێمە لە زۆر لایەنەوە کوشندەو جەرگبڕ دەکەوێتەوە، وامان لێدەکات کە پشت بە خۆمان نەبەستین، لاوەکان، بە کچ و کوڕەوە فێر دەکات کە پشت بە ئاسمان و هێزی سەرووترو دەستەڵات ببەستن، هەمیشە سەربەرکردن بۆ ئاسمان وایان لێدەکات کە لەسەر زەوی بەرپێی خۆیان نەبینن، زۆربەی کات ناتوانن بزانن چییان دەوێت و ئاراستەی خۆیان ون دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، بایەخی تەواو بە بەهاو توانا فیکرییەکان نادات، پەروەردەی ئایینی وا دەکات پیاوە زۆرگێلەکان بەرامبەر بە هێزو توانا و دەستەڵاتی پیاوە هەرە هوشیارەکان بوەستنەوەو دوژمنکارییان بکەن و گومان بخەنە سەر هەموو بیرو بۆچوونێکیان.

کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی پەروەردەی ئایینی لەوەدایە کە زۆر جار ئەفسانەو گریمانەو پێشنیازە پڕ لە گومانەکان وەك حەقیقەت وەردەگرێت. زۆر بەداخەوە (ئایین) چ وەك وانەیەك لە پۆلداو چ لەناو مزگەوتدا وەك هێزێکی کۆنەپارێز کار دەکات، بەرگری لەو دۆخە نایەکسان و خەراپە دەکات کە پەیوەندی مرۆڤەکان بەیەکەوە گرێ دەدات، بە تایبەتی نێوان نێرو مێ، پارێزگاری لە هەموو ئەو دۆخە شەرانگێزو دوژمنکارییە دەکات کە لە رابردوودا هەبووە.

ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتکارەکان و جەنگاوەران و سازکارانی جەنگ و ئەوانەشی کە زمانحاڵی ئایینن پشتگیری لە جەنگ دەکەن لە هەر کات و شوێنێکدا کە روو دەدات، بۆ ئەو بڕوایەش بە جەنگ و قایلکردنی خەڵکی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودای مەزن لە پاڵ راستی و دروستی ئەواندایە بۆ ئەو جەنگە پیرۆزە. لە کۆمەڵی ئێمەدا دوو دەزگا یان لایەن هەن، لە دەرەوەی خێزان، کە گەنجەکان پەروەردە دەکەن: دەوڵەت بە هەموو دەزگاکانییەوە، لەوانەش قوتابخانە، ئەویدیکەیان مزگەوتە. هەردووکیشیان بەیەکەوە لە بواری پەروەردەدا دۆخێکی دروست کە داخدارانە دژ بە فیکری هاوچەرخ و زانست و داهێنان دەوەستنەوە.

## جیاکاری لە نێوان نێرو مێدا:

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاشکرا دیارە کە روانینێکی زۆر کۆنەپارێز سەبارەت بە ئافرەتان لە ئارادایە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تازە دروست بکەین مەرجی یەکەم ئەوەیە کە پیاوان و ژنان یەکسان بن، لە هەر هەموو مافەکانیاندا وەکو یەك بەهرەمەند بن، بۆ ئەوەی وڵاتێکی مۆدێرن دروست بکەین، پێویست بەوە دەکات بەرامبەر بە جیاوازی نێوان نێرو مێ هەستیار بین، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بەوە پێك نایەت ژنان و کچان لە کونی ژوورەوە بن و بە زۆر لەچکیان لەسەر بکرێت و خەتەنە بکرێن و بە شوو بدرێن، ئەوانە هەر هەمووی دژی مافەکانی مرۆڤن و دژ بە ئەخلاق و بایەخەکانی هاوچەرخن، جیاکردنەوەی کچ و کوڕەکان لە پۆلەکاندا جگە لە فۆبیای سێکس هیچی دیکە نییە، پێویستە هەر مامۆستایەك هان بدرێت کە بەرپاکردنی رۆحی یەکسانی لە نێوان نێرو مێدا بکات بە فەلسەفەی خۆی، بەڵام زۆرن ئەو مامۆستایانەی کە ئایینپەروەرن یان کۆنەپارێزن جەخت لەسەر جیاوازی نێوان نێرو مێ دەکەن، بەڵکو قوتابیان لە دۆزەخ و سزاکانی رۆژی قیامەت دەتۆقێنن، بە تایبەتی کچان. هیچ مامۆستایەك بۆی نییە فەزڵی کوڕان بدا بەسەر کچاندا، یان لە پۆلەکاندا، تیرو توانجی ناشیرین بگرنە کچان، لەسەر تەمبەڵی یان رەوشتێکی ناپەسند. گەر لە قوتابخانەیەکدا یان پۆلێکدا ژمارەی کوڕەکان پتر بوو لە کچەکان، زۆر جاران، ئەوەیان بەڵگەیە کە کچەکان ناچار کراون واز لە خوێندن بێنن، بە بیانووی دەیەها بڕو بیانووی جیاوازەوە، ئەمە حاڵی زۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکانی ناو ئاسیا و ئەفریقایە.

گەر لە روانگەی سایکۆلۆژییەوە لە قوتابیانی قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی ورد بینەوە، یان هەر

هەموو قوتابخانە گشتییەکان و تایبەتییەکان، فەلسەفەیان جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە یەکتری، هەندێك هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا زانکۆش بەردەوام دەبێت، ئەم جۆرە سیستەمە هەر لە تەمەنێکی زۆر ساواوە کوڕەکان، چ لە ماڵ و چ لە مەکتەب، لە هەر کاریگەرییەکی جوانی ژنانە (یان) مێیینە، دوور دەخرێتەوە، بێ توانا و بەرگری دەکەونە ژێر هەڕەشە و زەبروزەنگی کوڕانی هەراشتر لە خۆیان و دوژمنکاری و رقی هاوزاکانی خۆیان، ئیدی ئەوانیش ناچار خۆیان چەکدار دەکەن و ئامادەی شەڕ دەبن و ئیدی گوێ بە هەست و نەستی کەس نادەن. کوڕ وای لێدێت کە لە ژیانی خوێندکاری خۆیدا بە دوای هێز و دەستەڵات و شکۆمەندیدا دەگەڕێ، زۆر ئامانجی پیرۆزتریش وەلا دەنێت. هەڵبەتە خەوش و کەموکوڕی سایکۆلۆژی لەم جۆرە قوتابخانانەدا بۆ دوو هۆ دەگەڕێنەوە: دوورخستنەوەی لە هاوڕێیەتی کچان و ئەوی دیکەیان ئەو هەموو یاسا زۆر تەقلیدییانەی ئەخلاقە، ئەو دابونەریتانەی کە باویان نەماوە. کوڕە گەنجەکان لە قۆناغی یەکەمدا لە سۆز و خۆشەویستی دایکان و خوشکانی لە خۆیان گەورەترو دایەنەکان دوور دەخرێنەوە، لەم جۆرە دۆخەدا دایکەکانیان دەبنە بابەتی تاسە و سۆزی پەنهان و پەرستن، چەندە ئەم حاڵەتە دژوارترو خەستتر ببێتەوە، ئەوەندە وا دەکات کە نێرەکان لەتاو دووری و سۆزیان بۆ ئافرەت جۆرە رق و قێزکردنەوەیەك لە دڵیاندا بەرامبەر هەموو ئافرەتان بخوڵقێت. دوای باڵقبوونیش دەکەونە گەمەی دەستپەڕ یان نێربازی، یاخود هەردووکیان.

هەڵبەتە مامۆستایان، لە هەر هەموو قۆناغەکاندا، زۆر بە دەگمەن باس لە بایەخی (ئیرۆس – حەز و خۆشەویستی و سۆزداری) دەکەن، هەرچی پەیوەندی بە ژیاندۆستی و سێکسەوە هەبێت حەرامە لەناو پۆلەکاندا. ئێمە لە نێو ئەم دۆخەدا راهێنراوین، بە تایبەتی لە ژێر سایەی فەلسەفە و کەلتووری ئیسلامدا، زۆربەمان بڕوامان بە دووانەی (رۆح و جەستە) هەیە و لای ئێمە وا کەوتۆتەوە کە درزێك لە نێوان رۆح و جەستەدا هەیە. بڕواهێنان بەم درزەی نێوان رۆح و جەستە وای لە تاکەکەسەکان کردووە کە بچنە پۆل، چ مامۆستا و چ قوتابی، وا بزانن کە بە تەنها رۆح و دەروون ئامادەیە، بێ بوونی جەستەی پڕ لە خوێن و هەست و نەست. بایەخدان بە جەستە وەکو خیانەت حسێبی بۆ دەکرێت، خیانەت لەگەڵ کەلەپوورو میراتی سەرکوتکردن، ئارەزوو کوشتن، میراتی مەرگدۆستی و نکوڵیکردن لە هەموو سیاسەتی جەستە کوشتن کە لە باوو باپیران و مامۆستاکانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، کە هەمیشە بوونەتە میراتگرو بەرگریکەر لە مۆڕاڵ و ئەخلاقی نێرینە.

## بەها تەقلیدییەکان و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی:

لەسەر ئاستی قوتابخانەکان (چ وەك دەزگایەکی کارگێڕی و چ وەك بوونێکی/ هەیکەلێکی کۆمەڵایەتی) لاسایی هەمان شێوەی هیرارکی – هەرەمی تەقلیدی کۆمەڵایەتی دەکات، بە هەمان جیاکاری و لێك هەڵاوێردکردن لەسەر بنەمای (نێر × مێ) کە بونیات و پێکهاتەکەی لە دامەزراندنی نێرەکان، بە دوورخستنەوەی بەشێکی بەرفراوانی ئەزموونی ئینسانی کە ئەزموونی رەنگاورەنگی ژنەکانە، بە تایبەتی، ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بەشێکن لە بەها تەقلیدییەکان کە چوونەتە ناو رۆحی قوتابخانەکانمان:

1) قایلبوون بە شێوازو سیستەمی – هیرارکی/ قوچەکی تەقلیدی و کۆنەپارێز.
2) خۆڕاهێنان لەسەر جۆرێك لە زاڵبوونی زۆر بەهێزی گەورەکان بەسەر لاوان و مناڵان" چ کچ بن و چ کوڕ.
3) گوێدان بە رەفتاری باوو دەستبەجێ پتر لە مەنتق و دەرهاوێشتەی عەقڵانی.
4) جەختکردن لەسەر جۆری ژیانی بە کۆمەڵ.
5) رێزگرتن لە زانیاریی کۆن و رابردوو.

6) پاراستنی بوارێك یان فەزایەك لە ژیان بۆ كارو چالاكییە پیرۆزەكان، بەدوور لە كڕینو فرۆشتنی ڕۆژ بە ڕۆژ، بەرهەمهێنان.

7) هەموو ئەندامانی كۆمەڵگە یەكسان كۆیلەو بەندەواری بەردەم خودان، گەرچی لە ڕووی عەقڵیو فیكریو دەروونیو ماتریالییەوە جیاواز بن.

ئەوەش ڕاستە كە سۆزێك/ نۆستالیژیایەك بۆ ڕابردوو هەیە كە وا دەكات ئەو پێكهاتەو ڕێكخستنە لە سیستەمی هیراركی/ هەرەمی بپارێزێت.

دوژمنایەتی دۆخی باو لەوانەیە لەو ڕقەوە بێت كە ئاراستەی ئەو كەسانە دەكرێت كە دەوڵەمەندو خواپێداون، لە كۆمەڵگەیەك كە پڕە لە بێدادی ستەمو سەركوتكردن لە دژی ژنان، ئەم ڕقو كینەیە دەكرێت زۆر ئاسان هەستی پێبكرێت.

بەم شێوەیە لە هەر كۆمەڵگەیەكدا جیاوازی چینەكان لە ئارادا هەبێت، منداڵان ڕێزیان لێناگیرێت تەنها لەبەر ئەوەی كە زیرەكنو ژیرنو خاوەنی خەسڵەتو خووی جوانن، بەڵكو زۆر جاران لەبەر خاتری پلەو پایەو هێز دەسەڵاتو پارەو سامانی باوكیان ڕێزیان لێدەگیرێت، لێرە، لە هەموو قۆناغەكانی خوێندندا، هەژاریی باوكەكان بووەتە شوورەیی منداڵەكانیان، هەتا لە قۆناغی زانكۆشدا كچانو كوڕان وا خۆیان دەنوێنن كە دەوڵەمەندنو كوڕو كچی پیاوە دەستڕۆیشتووەكانن، چونكە بێ پووڵیو هەژاری لە كۆمەڵگەی ئێمەدا كە زۆربەشیان هەژارو نەدارن، هەر شەرمو شوورەییو نەنگییە، دیارە دەرەنجامی ئەوە كچەكان هەر زۆر پتر هەست بە كەمیو كوڕی دەكەن، بە تایبەتی گەر ئەو كچانە لە خانەوادەی هەژار بنو لە هەمان كاتیشدا وەك لەشو لار جوان نەبن، لەناو ئێمەدا هەمیشە مامۆستا پیاوو ژنەكانیش ئاگایان لە خۆیان بێت یان، پتر حیساب بۆ كچو كوڕانی پیاوانی دەسەڵاتدار دەكەن، لە هەمان كاتدا بایەخ بە قۆزو شۆخەكان دەدەن، لە هەر هەموو قۆناغەكان ئەم دۆخە ناجۆرو ناپەسندە هەیە، ژمارەی ئەم جۆرە مامۆستایانەش لەناو ئێمەدا كەم نین. لە دەرەنجامی جیاوازی چینایەتیو دابەشكردنی قوتابیان بەسەر چینی (هەبووەكان)و چینی (نەبووەكان) دوو حاڵەتی زۆر ناخۆش لە ڕەفتارو ڕۆحی قوتابییەكاندا ڕەنگ دەداتەوە: یەكەمیان هەواو فیزو تڕوتۆپێكی زۆر كوڕو كچە دەوڵەمەندەكان، دووەمیان ئەوپەڕی شەرمو سەركزیو سووك لە خۆڕوانین لای كوڕو كچەكانی خانەوادە هەژارەكان، دیارە ژمارەیەكی كەم هەن كە وا نین، بەڵام زۆرینە ئەم دوو هەستە دژوارەی لەلا دەخولقێت.

ئەو زیانو ئازارەی كە منداڵەكان/ قوتابیان دەیچێژن لەپای جیاوازی چینایەتی كە زۆر زەقە لە ژیانی كۆمەڵایەتیو خوێندكاری هەر هەموماندا، بە تەنها ئەوان ناگرێتەوە، بەڵكو خودی مامۆستاكانو كارگێڕانو پرۆگرامی خوێندنو كۆی ساختمانی ناو جیهانی پەروەردەش دەگرێتەوە. هەموو بەهاو شكۆو ڕێزو دەسەڵاتێك بۆ تاكەكەس، لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە، لەسەر بوونو نەبوونی موڵكو ماڵ بەندە، تواناكانی عەقڵ لە بەرامبەر تواناكانی بازاڕ شكەست دێنن، فەلسەفەكە دەڵێت: گرنگ نییە تۆ كێیت، گرنگ ئەوەیە تو خاوەنی چیت، چی دەخۆیتو چی لەبەر دەكەیتو سواری چی دەبیتو لەناو كۆشك یان كەلاوەدا دەژیت" دەبن بە ناسنامە، دیارە زۆربەی هەرە زۆر مامۆستاكانیش كە منداڵو لاو بوونو ئێستاش كە مامۆستان، بە هەردوو باردا، هەر سەر بە چینەكانی ژێرەوەن "نەبووەكان"، ئەوەش غەمگینو وەڕسیان دەكاتو هەرگیز ناتوانن ئەوەندە پڕ خەیاڵو فیكرو بەختەوەر بن تاوەكو ببنە داهێنەری بواری خۆیان. لەناو كۆمەڵگەیەكدا كە بناغەكەی لەسەر بێدادیو نایەكسانیو بەشمەینەتی بونیات نرابێت، لایەنی ئەخلاقی پەروەردە هەرگیز ئەوەی لێ دروست نابێت كە دەبێت ببێتو فەراهەمو بەركەماڵ.

هەر بە حوكمی بوونی خێزانی پاتریاركی – باوكسالاری، كوڕو كچانی پیاوە دەوڵەمەندەكان بوارو بەختی خوێندنیان پترەو هەندێك جاریش لە پەروەردەیەكی جیاواز بەهرەمەند دەبن، مەرجیش نییە هەموو دەم باشتر بێت لەوەی كە منداڵە هەژارەكان لێی بەهرەمەند دەبن، بەڵام لە دوای ڕوخانی سەدامەوە بەختی منداڵە دەوڵەمەندەكان پتر بووە بەهۆی كردنەوەی قوتابخانە ئەهلییەكان كە قوتابی لەبری خوێندن و فێربوون پارە دەدات.

فێركردن و خستنە بەر خوێندن گەورەترین هیوا و ئاواتی ئێمەیە بۆ ئەوەی لە هەژاری و نەزانین دەرباز بین، چونكە هەژاری و نەزانین دوو خاكی زۆر بە پیتن بۆ بەرپابوونی توندوتیژی و دەمارگیری و لەدایك نەبوونی كۆمەڵگەی مەدەنی، كە ئەوەشیان دیسانەوە دەبێت بە مایەی قووڵكردنەوەی هەژاری و نەزانین لەناو كۆمەڵی كوردەواریدا. پەروەردە وا لە خەڵكی دەكات كە بەسەر دەردەكانی هەژاری و نەزانین و نائومێدیدا زاڵ بن.

## پەروەردە لە باری تەنگژەو ناهەمواریدا:

هەموو ئەو دۆخ و هەڵوێست و بارە ناهەموارانەی ناو ژیانی ڕامیاری و ئابووری و كۆمەڵایەتی كە دەمانخاتە ناو دونیا و فەزایەكی پڕ لە تەنگژەو كێشەدا وا دەكەن كە لە دینامیكی مەسەلەی توخم بگۆڕن، سەبارەت بە مەسەلەی بەرەو پیری خوێندن لەلایەن كوڕو كچانەوە، یان بەجێهێشتنی قوتابخانەو پشتكردنە فێربوون لەناو كەش و هەوایەكی وادا دەگۆڕێت. یەكێك لە هۆكارە ئاشكراكان بواری نەبوونی یان كەمی ئاسایش و ئاشتییە، بەو مانایەی كە منداڵان، بە تایبەتی كچە قوتابییەكان، كەمتر ڕێیان پێدەدرێت بچنە دەرەوەو بخوێنن. لێك هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی و نۆرمە كۆمەڵایەتییەكان لە پاڵ نەبوونی ئاشتی و ئاسایش دەبنە مایەی جۆرێك لە ترس و ڕاڕایی و بەرهەڵستی لە بەرامبەر چوونی كچان بۆ قوتابخانە، بە تایبەتی دوای باڵقبوون، گەر هەژاریشی هاتە پاڵ ئەنجامەكەی ئاشكرایە" ئەویش بە زۆر بە شوودانی ئەو كچانەی، لە شارۆچكەو گوندەكاندا بەرلەوەی باڵق بن بە شوو دەدرێن، لە تەمەنی (12و 13)ساڵیدا، هەمیشە ئەو جۆرە خێزانانە بە حوكمی هەژاری و نەخوێندەواری وایان لێدێت پتر لە حەیاچوون و لەدەستدانی شەرەفی كچەكان و خوشكەكانیان بترسن، شووكردن دەبێت بەو قەسابخانەیەی كچە قوتابییەكان دەبنە قوربانی و نێچیری دڵڕەقی و ستەمی پیاوەكان، چیرۆكی بەردەوامی كوشتنی كچانی باڵق و باڵق نەبوو كەم نییە. زۆر جاران هەر ئەو كچانە بە دەیەها ئەرك و كاری بێزەوەرو ڕۆتینی ناو ماڵ هەڵدەستن، وەك ڕێزگرتن بۆ هێنانی ئاو لە كانی و چۆم و بەلوعەی بەرماڵەكان، یان وەستان بۆ نان، كۆكردنەوەی تەپكەی ڕیخ و قەرسەقول و قشپل و دارو چیلكە بۆ سووتەمەنی، یان دەبنە شوانكارەی بەر مەڕو بزن و بەرخەل، من سێ ساڵ لە ڕێكخراوی (MAG) كارم كردووە كە (مین – لوغم) لە كوردستان كۆ دەكاتەوە، بە دەیەها ژن و كچم بینیوە، قوتابی و نەخوێندەوار كە لە كاتی شوانی و لەوەڕاندنی مەڕو بزن، یان ئاو و چیلكە دار هێنان بەهۆی تەقینەوەی لوغم قاچ و دەستیان پەڕیوە، كوێرو كەڕ بوون، هەندێكیان دەستبەجێ دەمردن، ئەم جۆرە كچانە چیتر بەختی خوێندنیان نامێنێ، هەندێك لەو كچانە كە لە خوێندن بێبەش دەبن، بەختی شوویان نابێت، چونكە پیاوی ئێمە ئامادە نییە كچێكی كوێرو كەڕو دەست و قاچ پەڕیو بخوازێت، هەموو ئەوانە هۆكارن بۆ وازهێنانی كچان لە قوتابخانە. هەندێك جار خێزانە هەژارەكان ناتوانن پشتگیری منداڵەكانیان بكەن لەوەی لە خوێندن بەردەوام بن، هەر بۆیە هانیان دەدەن تا چی زووترە شوو بكەن. لە بارودۆخی ناهەمواردا و كە تەنگژەو گرفت زۆرن، وا چاكترە كە چەندە بكرێت هەر لە تەمەنێكی ساواوە كچان بخرێنە بەر خوێندن تەنها بۆ ئەوەی كە زوو فریای خوێندن بكەون و بەرلەوەی كە باڵق بن پێشكەوتنێكی

بەرچاوو پێویست لە بواری خوێندن و نووسین و زانیاریدا وەدەست بێنن، بە تایبەتیش لە بواری ژمێریاریدا، ئەوەیان پتر یارمەتیان دەدا کە بەر لە باڵقبوون و دوای باڵقبوون پەرە بە خوێندنەکانیان بدەن، گەر خۆیان حەز بکەن، چونکە بەم شێوەیە دەتوانن ئەو قۆناغانە پڕ بکەنەوەو قەرەبووی پێبدەنەوە کە لە کیسیان دەچێت، ئەوسا گەر شێوازی (پەروەردەی دوور مەودا) هەبوو دەتوانن کەڵکی لێ ببینن، (پەروەردەی دوور مەودا) دەکرێت لە ڕێی رادیۆو تەلەفزیۆنەوە بە چەندەها کۆرس پەخش بکرێن. هەڵبەتە بە سەدەها کچ قوتابخانەیان بەجێهێشت و شوویان کرد، لە ژێر فشاری باری ناهەمواریی ئابووری، لە ساڵانی جەنگی ئێران/ عێراق، جەنگی رزگاری کوەیت و پاشانیش (12) ساڵ لە گەمارۆی ئابووری کە لەسەر عێراق سەپێندرا، وای لێهات بە سەدەها کچ لەبری بڕێك پارە لەچك لەسەر بکات، بۆ ئەوەش حیزبی ئیسلامی دەوڵەمەند هەبوو کە پارەی دەدا بەو کچانەی ڕێز لە دابونەریت و رەوشتی ئیسلامی دەگرن، جا چ قوتابخانەیان جێهێشتبێت و چ بەردەوام بووبن لەسەر خوێندن. ئەمڕۆکە دەتوانین پتر بایەخ بە ژیان و خوێندنی مناڵەکانمان بدەین، هەتا بەرلەوەی بگەنە تەمەنی (5) ساڵی، چونکە باری ئابووری چاکترە، ئەوەش وا دەکات کە کچان هەر لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە بخرێنە بەر خوێندن، نەك بە زۆردارەکی وای لێبکرێت خوشك و برا ساواکانی بەخێو بکات تاوەکو خوشکێکی لە خۆی بچوکتر گەورە دەبێت و ئەویش هەر هەمان رۆڵی مناڵ بەخێوکردن ببینێت، جگە لە ئاو هێنان، دارو چیلکە هێنان، چێشت لێنان و دەیەها ئەرك و ئیشی تاقەت پڕوکێن. هەڵبەت زۆربوونی دایەنگاو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەخێوکردنی مناڵە ساواکان وا دەکات کە کچان بەختیان پتر بێت لەوەی زووتر لە قوتابخانە ناونووس بکرێن و ژمارەشیان زۆرتر بێت.

تاوەکو کارکردنی منالاَن بە زۆر، بە کچ و کوڕەکانەوە، قەدەغە نەکرێت، تاوەکو کچان و کوڕان ببنە سەرچاوەو هێزی دارایی و پارە پەیداکردن بۆ دایکان و باوکانیان" مەحاڵە لەم گرفتە رزگارمان بێت، گرفتی وازهێنان لە مەکتەب و ملدانە بەر کارکردن. هەمیشە خێزانە هەژارەکان ناچار دەبن کە کوڕەکانیان بنێرنە سەر جادەو ناو بازاڕەکان تاوەکو پارە پەیدا بکەن، کە رەنگە ببێتە مایەی لە رێ لادان و تێکچوون و فڕو فێڵی گەورەکان، زۆر جاران دەکەونە بە پەلاماری سێکسی لەلایەن گەورەکانەوە، کچەکانیش لە کونی ژوورەوە بەند دەکرێن و دەبنە کارەکەری باوك و براکانیان، یان دەبنە کارەکەری ماڵە دەوڵەمەندەکان کە ئەوەش دەیەها کارەساتی بە دواوەیە، هەڵبەتە لەم دۆخەدا کچان زۆر پەرێشان و بەدبەختترن لە کوڕەکان.

## چەند رێنماییەك بۆ رێگەگرتن لە

# وازهێنانی کچان بۆ خوێندن

1) یارمەتیدانی کچان، بە تایبەتی گەنجەکان، بەوەی کە بواریان بەهێزو توانای ئەکادیمی خۆیان هەبێت‌و روانینێکی ئیجابیان لەلا دروست بێت لەسەر خۆیان لە رێی:

* پرۆگرامی تێرو تەسەل بۆ مامۆستا ژنەکان لەسەر گرفتەکانی توخمی خۆیان‌و کارەکانیان‌و چۆنیەتی مامەڵەی تازەو هاوچەرخانەو ئینسانی لەگەڵ کچە قوتابییەکانی خۆیاندا.

* کردنەوەی جۆرێك لە پێشانگا یان شوێنی نمایشکردنی کارو پیشەو دەستڕەنگینی بۆ کچان، بە مەرجێك کە لە سەرەتای تەمەنەوە دەست پێبکەن.

* هەڵمەتێك زۆر بەرفراوان‌و دڵگەرمانە بە ناوی "هێشتا درەنگ نییە" بۆ کچانی تەمەن سیازدە ساڵ‌و گەورەتر بۆ ئەوەی هانیان بدەین بگەڕێنەوە قوتابخانە.

2) هاندانی گەورەکان، بە تایبەتی دایکان‌و باوکان کە یارمەتی زۆری پەروەردەو فێربوونی کچەکانیان بن‌و تێکەڵ کێشەو گرفتەکانیان بن، چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە" لە رێی:

* هەڵمەتێك بۆ تەرخانکردنی بیست خولەك بۆ دایکان‌و باوکان کە گوێ لە کچەکانیان بگرن، بۆ دەرس‌و دەورو کێشەکانی دیکەش، بە لایەنی کەم.

* رۆژانێك لە قوتابخانە تەرخان بکرێت بۆ هاوکاری مامۆستاو دایکان‌و باوکان‌و کچەکانیان، جۆرێك لە رووبەڕووبوونەوە ساز بکرێت.

* هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی ژنان‌و کچان لەو شوێن‌و ناوچانەی کە کچان تیایدا بە ژمارەیەکی کەم دەخرێنە بەر خوێندن یان ژمارەیەکی زۆر واز لە خوێندن دێنن، بە جۆرەها شێوە هان بدرێن کە پێچەوانەکەی راسترەو هەموو ئاسانکارییەك هەبێت بۆ چوونەوە سەر تەختەی خوێندن.

3) پشتگیری ئەکادیمی بۆ ئەو کچانەی کە کەسوکاریان دەرەقەت نایەن یارمەتی رۆحی‌و دارایی کچەکانیان بدەن لەسەر خوێندن بەردەوام بن لە رێی:

* یارمەتیدانی ئەو کچە قوتابیانەی کە بە تەنیا دەژین‌و هاندانیان بەوەی کە رابێن بە کۆمەڵ بخوێنن‌و موتالا بکەن‌و لە کێشەو چارەسەرییەکان بە (کۆ) بەشدار بن.

* رێکخستنی جۆرێك (سیستەمی دۆستایەتی – هاوڕێبوون‌و هاوکاریکردن) لەسەر بناغەیەکی ئەکادیمی، بە واتای هەر کچێك بتوانێت کەڵك لە توانا و هێزی کۆمەڵایەتی ئەکادیمی کچێکی هاوڕێی وەربگرێت کە بە پۆلێك لە پێش خۆیەتی، ئەم کارکردنە دووقۆڵییە یارمەتیدەرە.

* رێکخستنی کۆنفراسی مانگانە یان جۆرێك لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرو بەرپرس‌و رێکخەرو سەرپەرشتیاری پەروەردە، بە هاوکاری بەڕێوەبەری پەروەردە، لەو ناوچەیەدا کە باس لە کێشەو گرفتە هەڵاوساوەکان بکەن.

4) کەمکردنەوەی باری قورسی ئابووری بەسەر شانی کچەکانەوە کە زۆر جاران خەرجی زۆری قوتابخانە وا دەکات خێزانەکان بە دەست ئەو خەرجییە زۆرەوە ماندوو بن، ئەویش لە رێی:

* بەخشینی جلوبەرگ‌و پۆشاك.

* جێبەجێکردنی یان بەخشینی کورسی خوێندن بۆ ئەو قوتابییە هەژارانەی کە زیرەك‌و بلیمەتن.

* دابینکردنی جێگەیەك لە قوتابخانە بۆ جۆرێك لە کارو پیشە کە وەك چالاکی کچانەو وەك

سەرچاوەیەکی ئابووری بخرێتە گەڕ.

**خێزانە ئاوارەکان:**

وەك دەرەنجامێك بۆ پرۆسەکانی (ئەنفال)و هەر هەموو شێوازە زۆر دڕندانەکەی (جینۆساید – کۆمەڵکوژی)و بە عەرەبکردنی ناوچە کورنشینەکان" بە هەزارەها خێزانی ئاوارە کەوتنە ناو شارە گەورەکان یان ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، خۆیان و منداڵەکانیان دووچاری دەیەها کێشەو گرفت بوونەوە، کە دواجار وای کرد کە بە هەزارەها کچ و کوڕ بە حوکمی ئاوارەبوون و جێ لەقبوون و شەڕوشۆڕی بەردەوام بەختی ئەوەیان نەمێنێت کە لەسەر خوێندن بەردەوام بن. لە کوردستان بە هەزار پیرو لاوو منداڵ، بە نێرو مێیانەوە لە شارۆچکەو گوندەکان دەربەدەر بوون. سەرەڕای ئەوەی کە وەدەستهێنانی پێویستییەکانی خوێندن لە دەفتەرو قەڵەم و کتێب زۆر زەحمەت بوو، جگە لە نەبوونی مامۆستاو وازهێنانی هەندێکیان لەو پیشەیەو رووکردنە کارو پیشەی دیکە چونکە مووچەکە لەوە کەمتر بوو خانەوادەکانی خۆیانی پێ بەخێو بکەن، نەبوونی ئاگر لە پۆلەکاندا، لە پاڵ پەنجەرەی شووشە شکاو، قوتابخانەکان لە هاویندا هەمیشە گەرمن و لە زستاناندا سارد. لە شارە گەورەکانی وەك هەولێرو سلێمانی و دهۆك خێزانە ئاوارەکان لەناو ئەو باڵەخانەو ئەپارتمانە گشتیانەدا دەژین کە تا راپەڕین دەوڵەتی بوون، خێزانی زۆر گەورە ژوورێك یان دووانی بەرکەوتووەو بە دەیەها گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەراسانی کردوون، زۆربەی منداڵەکان لە قوتابخانە هاتنە دەرەوە، بە کچ و کوڕەکانەوە، تا لە رووی داراییەوە یارمەتی کەسوکاریان بدەن، ئێستاش زۆر لەو قوتابخانانەی کە ئاوو کارەبایان تێدا نییە، لە گوندو شارۆچکەکان زۆریان ئاودەستیان تێدا نییەو کچ و کوڕەکان دەچنەوە ماڵەکانیان تا خۆیان بەتاڵ بکەنەوە، لە هەندێك شوێن کچ و کوڕەکان لەسەر بلۆك دادەنیشن و تەباشیرو تەختەڕەش کەمن یان هەر نین. هەندێك لە پۆلەکان، بە حوکمی کۆنی قوتابخانەکە، درزیان داوە یان لەوەدایە دیوارەکانی بڕوخێن. هەر ئەم دۆخە نالەبارە وای کردووە بە هەزارەها واز لە خوێندن بێنن و ببنە منداڵی سەرجادەکان، بە تایبەتی گەر ئەو راستییەش بزانین کە زۆربەی خێزانە ئاوارەکان هەژارن، تا ئێستاش کێشەی خێزانە ئاوارەکانی کەرکوك و گەرمیان چارەسەر نەکراوەو نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، ئەوی کە بووەتە قوربانی کوڕو کچەکانن. ژمارەیەکی زۆر لەوانە کێشەی ناونووسکردنیان هەیەو بۆ وەرگرتن لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن گرفت و کۆسپی زۆریان دێتە رێ لەبەرئەوەی کە هەڵاتوون فریای ناسنامەو بەڵگەنامەو رەگەزنامەو دۆکیۆمێنتەکان نەکەوتوون کە دیارە زۆربەی کات نەبوونی هیچ دۆکیۆمێنتێك دەبێتە مایەی گومان لە کەسانی ئەو خانەوادەیە کە لە کوێوە هاتوون. هەر لە سۆنگەی ئەوەدا کە ئەو خێزانە ئاوارەن دووچاری دەیەها گرفت و ململانێ و کارەساتی گەورە دەبن" خۆیان و منداڵەکانیان دووچاری دەیەها کێشەی تەندروستی و سایکۆلۆژی بوونەتەوە، لەم دۆخەدا نزیکبوونەوە لە دزی و تاوان و کوشتن و بوون بە سیخوڕو لادانی سێکسی شتێکی سەیرو سەمەرە نییە، ئەو دەردو گرفتانە وا دەکات خێزانەکان لێکدی هەڵبوەشێن و پەیوەندی و خۆشەویستی و دڵسۆزی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نەمێنێت یان لاواز بێت، منداڵەکان لە گەمەو یاری و خۆشی بەدوور دەبن، لە کەیف و سەفاو پێکەنین، سەیران و خەڵك و دونیا بینین، لە هەست و سۆز دەربڕین، لە هۆگربوون و دڵنیایی، هەمیشە غەمگین دەبن و هەست بە گوناه دەکەن و ناتوانن دەریببڕن، دەمارگیرو کینەلەدڵ و دوژمنکار دەردەچن، رقیان لە خۆیان و لە دونیا دەبێتەوە، دووچاری خەوزڕان دەبن و مۆتەکە دەبینن و شەوان لەناو پێخەفەکانیاندا میز بە خۆیاندا بکەن، بەردەوام کاس و وڕ خەیاڵیان بڕواو ئەگەر لە قوتابخانە بن یان لەسەر ئیشوکار نەتوانن دڵ و رۆح و مێشکیان لەلای ئەو خوێندنە یان

ئەو کارووپیشەیە بێت و هەمیشە باری دەروونییان خەراپ و پەرێشان و شڵەژاو بێت، هەمیشە زەردو لاوازو داهێزراوو سست و تەمبەڵ و نائومێد، هەر لەم دۆخە خەراپەدا گەورەکان لەتاو دەردو خەمی خۆیان، ژیان و ئەرکی ناخۆشی ئازاری کوڕو کچەکانیان دەدەن و بەردەوام زەبروزەنگ و ستەم دەبن بە خووی ڕۆژانە.

ئێمە، چ وەك تاکەکەس و چ وەك کۆمەڵگە، هەمیشە لەناو کارەساتە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا ژیاوین، بیرۆکەی "پەروەردە لە ڕۆژانی تەنگژەدا" زۆر لەگەڵ بارودۆخی ناهەمواری ئێمەدا یەك دێتەوە، لەگەڵ ئەو دۆخە ئاڵۆزەی کە سەدەها ساڵە ژیان و بوونی ئێمەی گەمارۆ داوە. هەر لەبەر ئەوە دەیەها هۆ وامان لێدەکات کە (پەروەردەو تەنگژە) یان "پەروەردەو پاش تەنگژە" لە یەك جیا نەکەینەوە وەك لە هەندێك خاڵدا خۆی بەرجەستە دەکات:

* پەروەردە دەتوانێت وەڵام بە داواو پێویستییە سایکۆلۆژییەکانی ئەو کەسانە بداتەوە کە لە ژێر فشارو زەبروزەنگی ئەو دۆخە ناهەموارەدا ژیاوان و دەژین، کەسانێك کە لەناو ئەو هەموو کارەسات و تەنگژەیەدا زەرەرمەند بوون.
* پەروەردە چەندین پەیامی مانەوەو ژیان و بەرگریمان پێدەبەخشێت، یارمەتیمان دەدات کە پەرە بە تواناکانی خۆمان بدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێ و بەیەکدادانەکان و هەوڵدان بۆ چەشنێك لە بونیاتنانی ئاشتی و ئاسایش و هێمنی.
* پەروەردە یارمەتیمان دەدات کە خۆ لە گرفت و ئازارو زیان بپارێزین.
* پەروەردە وەك مافێکی مرۆڤ سەیر دەکرێت و وا دەکات مرۆڤ پتر پێشبکەوێت و ئامادەبێت بۆ ڕازیبوون بەوەی کە هاونیشتمانییەکی بەرپرسیارەو خاوەن ئەرکە.
* هەر ئەو هۆیانەی زووتر خستمانە بەرچاو کە لە پای تەنگژەدا دەخولقێن، وا دەکەن کە پەروەردەکاران رووەو جۆرێك لە ئازادی پتر بگەڕێن، لەناو قوتابخانەکاندا، منداڵەکانیش وەك گەورەکان بواریان پێبدرێت کە خۆشی لە داهێنان و توانای خۆیان ببینن ئەو کاتەی کە دەتوانن گرفتێك چارەسەر بکەن یان بەسەر کێشەیەکدا زاڵ بن، هەڵبەتە بۆ هەمیشە پێویستییان بە جۆرێك لە پشتگیری دەرەکی و هاندانی گەورەکان هەیە.
* هەر لە رێی کورتکردنەوەی وانەکان و ئازادکردنی قوتابیان لەوەی کە کام بابەت و وانە هەڵدەبژێرن و حەز بە کام لایەنی زانست و ئەدەب و هونەر دەکەن، لە پاڵ بوونی شێوەیەکی هاوچەرخ و ئینسانی وانە وتنەوەدا دەتوانین وا بکەین کە قوتابیان زانست و زانیارییان خۆش بوێت و حەز بە فێربوونی پتر بکەن، بە واتا گەر مەعریفەتیان خۆش ویست ئیتر پرۆسەی فێربوون ئاسانتر دەبێت.
* گۆڕانی بنەڕەتی لە شێوازی تاقیکردنەوەدا پێویستە، لە پاڵ گۆڕینی شێوازی وەرگرتنی قوتابی لە هەموو قۆناغەکاندا، گۆڕینی ئەو روانینە تەقلیدییە بۆ لێك هەڵاوێردکردنی قوتابیانی زیرەك لە تەمبەڵ.
* یەکسانکردنی نێرو مێ و رەتکردنەوەی زەبروزەنگ و هەراسنکردنی قوتابیان، بە تایبەتی کچان، بخرێتە ناو وانەکانی (پەروەردەو ئاشتی). دیارە پێویست بە کارو هیلاکی زۆر دەکات لە بواری توندوتیژی نێرینە لە ناوەوەو لە دەرەوەی قوتابخانەش، بە تایبەتی، لە هەموو شوێنەکاندا: چ لە دەزگاکان و خەستەخانەکان و بەندیخانەکان و سەرجادە، پێویست بە دەیەها لایەن و بنکە دەکات کە لە بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی چالاك بن، لە پاڵ بوونی دەیەها بنکەی چارەسەری دەروونی و بوونی کۆمەڵناس و دەروونناس لە قوتابخانەکاندا" هەر هەموو ئەو کەس و لایەنانەش ئامادە بن کە چارەسەری

گرفت‌و کێشەکانی ئەو دەمارگیریی‌و توندوتیژی‌و زەبروزەنگە بکەن کە لەناو دونیای ئێمەدا تا بێت زۆر دەبێت.

* سەربەخۆبوونی پەروەردەو دوورخستنەوەی لە گەمەی سیاسەت‌و دەسەڵات‌و دامەزراندنی کەسانی تەکنۆقرات نەك حیزبی.

* ڕەتکردنەوەی ئەو توندوتیژییەی پیاوان دەرهەق بەیەك ئەنجامی دەدەن. بوارێك برەخسێت، چ لەناو قوتابخانەو چ لە دەرەوەیدا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەل ئەو ڕۆحە وێرانکەرەی پیاوان کە هەر هەموو کۆمەڵگە بە هی نێر دەزانن‌و ڕۆحێکە کە جۆرێك لە ڕق‌و کینەو گومانی لە هەموو ئافرەتەکان هەیە.

* پەروەردەی ژینگەپارێزی بە جۆرێك بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە کە ببێتە مایەی دروستکردنی دیالۆگ‌و هاوکاری نێوان تاکەکەسەکان‌و دەزگاکان تاوەکو شێوازێکی تازە لە ژیان وەبەرهەم بێت کە ڕێز لە سروشت‌و ژینگە بگرێت بە دارستان‌و مەل‌و ئاژەڵەکانەوە.

* پەروەردە وای لێبێت کە وەڵام بە هەموو داوا سەرەکییەکانی مرۆڤەکان بداتەوەو بەدەر لە جیاوازی ئێتنیکی‌و ڕەگەزو تەمەن‌و ئایین‌و چین‌و جەستەو عەقڵ.

* پەروەردە هەستیار بێت بەرامبەر بە مەسەلەی توخم، کراوەبێت بۆ نێرو مێ‌و هەموو چین‌و توێژەکان.

* پرۆگرامی خوێندن بتوانێت ئەو سیاسەتە لەخۆ بگرێت کە مەسەلەی گەشەکردن‌و پێگەیشتنی قوتابیان‌و تەقاندنەوەی تواناکانیان ببێت بە ستراتیژو هەموو تەمەنی درێژی ئەو قوتابیانە بگرێتەوە، لە پاڵ کۆمەڵگە.

* پرۆگرامی خوێندن بە هەموو بەهرەو تواناکانی خۆئامادەکردن بۆ ژیان دەوڵەمەند بکرێت، پەروەردەیەك بۆ تەندروستی‌و دوورکەوتنەوە لە مەترسی‌و هوشیاری بە پاراستنی ژینگەو مافەکانی مرۆڤ.

2005/2/15